

# قادر ئەسعەد:

## خۆم بەقەرزاری کەس نازانم

# دیمانە: فەرمان عەبدولڕەزاق

**قادر ئەسعەد دەنگێکی دیاری موزیك و گۆرانی کوردیە. لەماوەی ئەم چەند ساڵەی کە بەعەشقەوە گرانی دەچرێ توانیویەتی جەماوەرێکی باش لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و گوێگری تایبەتی خۆی هەبێت، هونەرمەند ساڵانێکە لەغوربەتدا دەژی و ئەویندارانە سەرقاڵی کارە هونەریەکانیەتی، بۆ ئاگادار بوون لە کارەکانی ئەو هونەرمەندەو زیاتر ناساندی بە خوێنەرانی ئازیز کوێستان ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا ساز کردو ئەویش بە خۆشحاڵیەوە وڵامی داینەوە.**







***سەرەتا بەوە دەستپێدەکەین کە لە قۆناغی منداڵی کەسێکی هێمن بویت، یا هاروهاج؟**

- وەکو لە دایکم زۆرجار گوێم لێدەبێت منداڵێکی ئارام و لەسەرخۆبوومە، لەشەروپێکدادانەکاندا هەندێك دوورە پەرێز بوومەو هیچ شوێنێکم نەشکاوە.

***کەی هەستتکرد کە دەنگخۆشی ئەوە چۆن بوو؟**

- من هەر لەمنداڵیمەوە لەماڵەوە گۆرانیم گوتووە، هەندێکجار ئەوەندەی گۆرانی بڵێم، لێم بێتاقەت بوونە، هەندێکجاریش بەزۆری داوای گۆرانیان لێکردووم، بەڵام هەمیشە دەم بەگۆرانی بوومە، بەبیرمدێ لەکۆڵانیش لەگەڵ برادەرەکانم کۆدەبووینەوە، هەموومان بە کۆرس گۆرانیمان دەگوت، هەروەها لە قوتابخانەدا هەمیشە بەیانیان مامۆستاکانم دەیانهێنامە دەرەوە بۆ ئەوەی گۆرانیان بۆ بڵێم، زۆر جار لەبەرخاتری گۆرانیەکانم مامۆستاکانم لە زۆر شت چاویان دەپۆشی، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە سەرەتا زۆر شەیدای دەنگی هونەرمەندی خاوەن هەڵوێست و پێشمەرگە محەمەد جەزا بووم، لەسەر ژیانی هونەری من زۆر کاریگەری هەبوو، من لە ڕێگای شانۆوە دەستم بە گۆرانیکرد، بیرم نیە چ ساڵێك بوو، لە شانۆگەری (لاس و خەزاڵ) بەشداریمکرد کە لەدەرهێنانی دەرهێنەری بەتوانا مامۆستا (سەباح عەبدولرەحمان) بوو، لەوێ وەکو کۆرس لەگەڵ چەند برادەرێك دەورمانبینی لە گێرانەوەی بەسەرهات و ڕووداوی شانۆگەریەکە، لە کۆرسەکەدا کاك (ئەحمەد حەیران) وەکو حکایەتخوانێك دەوری سەرەکی دیبوو، پێش ئەوەش من لە چالاکییەکانی قوتابخانەکان لە تابلۆ چیرۆکیەکانی منداڵان، بەسەرپەرشتی (مامۆستا سەباح عەبدولرەحمان) بەشداریمدەکرد، دوای ئەوانەش بەکاتێکی زۆر لەگەڵ چەند برادەرێك ساڵی ١٩٨٣ تیپێکمان دانا بە ناوی سازان، ماوەیەکی کورت لەم تیپە گۆرانیم گوت، پاشان لەگەڵ چەند برادەرێکی تر تیپی ژاڵەی ڕۆژئاواییمان دامەزراند، کە خۆم ئەم ناوەم بۆ دانا، دەتوانم بڵێم سەرەتای تێکەڵبوونی من بەکاری هونەری گۆرانی لە ڕێگای تیپی ژاڵە بوو، کە لە ١٩٨٤ دامەزرابوو.

*** بۆ ئەوەی بێتە ناوکاری هونەریەوە کێ هاندەرت بوو؟**

- باوەڕبکە، کەس بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ هاندەرم نەبووە، هەموو ئەو شتانەی ئەنجامداون، هەر بۆ خۆم بوومە، بگرە لەسەرەتادا زۆر ڕێگریشم هەبووە، بۆیە لەم بوارەدا خۆم بەقەرزاری کەس نازانم.

***لەچ کارێکی ژیانت پەشیمانی؟**

- من لە هیچ رابوردوێکی ژیانی خۆم پەشیمانیم، ئەوەی دەیلێم فەلسەفەی قسەکردن نیە، بەڵکو واقیعبوونی ژیانە بەچاوێکی واقیعبینانە، منداڵ بەسروشتی منداڵی خۆی وەکو منداڵێك ڕەفتاربکات جوانە، ئاخر ئێمە بە هەموو شتە جوان و ناشرینەکانەوە گەورەو جوانتر دەبین، ئەو هەموو شتانەی دوێنێکەمان ئەمرۆیەکی پرشنگداری بۆ من دروستکردووە.

***یادگاریەکانی ژیانت، لە کام وێستگەی ناخۆشترین ساتی تەمەن بوونە؟**

- زۆر شت هەنە، لە ژیانی ئێمەومانان ناخۆش بووینە، بەڵام دووجار ناخۆشییەکی ئێجگار ناخۆشم بینی، یەکەمجار ساڵی ١٩٩١ کە کۆرەوەکە ڕوویداو پەراگەندەی کوردستانی ڕۆژهەڵات بووین، دووەمجاریش کە داوای پەناهەندەیم لەوڵاتی سوید کرد، هەرگیز لەبیرم ناچن، بێ وڵاتی زامێکی زۆر قووڵە، هەمیشە لە چاو هاوڵاتیەکانی تر هەست بەکەمبوونێك دەکەیت.

***ماوەیەکی زۆرە گۆرانی دەڵێیت، سەرەتا هیچ ڕێگریەکت نەهاتە پێش لە لایەن ماڵەوە؟**

- بەڵێ، لەسەرەتادا باوکم یادی بەخێر زۆر ڕێگربوو، جارێکیان گیتارێکم هێنایەوە ماڵێ بەبیرمە باوکم پێیگوتم: خۆت یان گیتارەکەت دەچنە دەرەوە، نازانم بۆ وابوو، لەسەرەتادا من هەمیشە بەنهێنی ئەو بۆ ئاهەنگەکان دەچووم، بەڵام پاشان کە زانی کەس ناتوانێ خۆشەویستی گۆرانیم لێبسێنێتەوە، ئەویش کۆڵیداو لە دژایەتیکردنم وازیهێنا، تا واملێکرد بگرە زۆر پشتگیریشی دەکردم.

***لە ژیانی کوردستان و ئەوروپا چ فێربوویت ؟**

- من زۆر شت لە ژیانمدا چ لە کوردستان چ لە دەرەوە فێربووم، بەڵام لە دەرەوە هەستمکرد کە ئێمە نەتەوەیەکین زۆر ستەممان لێکراوە، زۆر لەوەی کە لەناوەوە بیرملێدەکردەوە، تاکو نەچیتە دەرەوە، بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا نەبینی نازانی تۆ چەندە کۆیلانە ژیاوی، چەندان زۆری و ستەمیان لێکردووی، بەهەرحاڵ ئەوروپا ئەو شتانەی فێرکردم، کە بەمانای وشە جوانی دەبەخشن، لە دەرەوە چاوەکانم زۆرترو بەهێزتر لەجاران شتەکان دەبینێ.

***چۆن بیری ڕووکردنە هاندەرانت کەوتە نێو مێشك و یا هیچ کاتبووە بیری مردن بکەیت و لێی بترسیت؟**

- شەڕی ناوخۆ و ئازارەکانی دروستکردنی بیرۆکەی هاتنەدەرەوەیان لا دروستکردم، ئاخر ئێمە هەمیشە وا ڕاهاتووین قەدەرێکی سەخت چارەنووسمان نیشاندەکات، چۆن دەزانم مرۆڤ لەدایکدەبێت بۆ ئەوەی ژیان دەستپێبکات، ئاواش دەزانم و لام زۆر سروشتیە کە ڕۆژێك دێت کۆتایی

دێت، بەڵام ژیان هەمیشە بەردەوام دەبێت، بۆیە بەشێوەیەکی سروشتی بیری مردن دەکەمەوە، نەوەك بەو مانایەی مردن چۆکم پێدانێ‌و هەمیشە لە بیرو هزرم بێت، ئەوەشت پێبڵێم کەسێکم بڕوام بە قەدەر زۆرە.

***خۆشەویستیت کردووە؟ هیچ جاربووە خۆشەویستی دوو لایەنەت کردبێ؟**

- ئەرێ وەڵڵا هەندەم خۆشەویستی کردووە، بێگومان هەندێکیان یەك لایەنە بووە، من زۆرجار لەبەرشەرمی خۆم یەك لایەنە سووتاوم، بگرە بوومە بە خەڵوز، ژیان بە خۆشەویستیەوە ژیانە، من پێموایە کەسێك کە خۆشەویستی نازانێ، بێگومان بە نەخۆشی ژیاندەکات.

***پەیوەندی کۆمەڵایەتیت بەگشتی چۆنە، لەگەڵ کوڕان هاورێیەتیت زیاترە یاخود کچان؟**

- من لە پەیوەندیە کۆمەڵاتیەکان هەندێك کزم، بەتایبەتی لە دەرەوە، پێشموایە هەمووهەروواینە لێرە، بەڵام کە لە وڵاتیش بووم لە پەیوەندیەکان دوورەپەرێز دەوەستام، نەك بەو مانایەی کە ئەوەی بەرامبەرم خۆشنەوێت، نەخێر، چونکە زۆری پەیوەندی سەرێشەی زۆریان بۆ دروستکردووم، بۆیە من هەندێك مارانگەز بوویمەو لەپەیوەندی زۆر دەترسم.

***لە دیمانەیەکی رۆژنامەی هەواڵ باسی ئەوەت کردووە کە رەفزت لە لایەن کچانەوە وەرگرتووە، دەکرێ باسی ئەم رۆژەمان بۆ بکەیت؟**

- بەڵێ، بەڵام لای خۆشمەوە زۆرم رەفزداوە، بەڵام ئەو رەفزەی من وەرمگرتووە وەکو داخکردن وابووە، ئێستاش لەبیرناکرێن، زۆر حەزدەکەم جارێکیتریش ئەگەر یەکتربببینینەوە داوای لێبکەم، تا بزانم هەر لەسەرهەمان رەفزی جارانیتی یان نا، بەڵام خوا دەزانێ ئێستا لە کوێیەو بەچی خەریکە.

***بەو پێیەی کە ماڵتان نزیکی تەیراوە بووە، هیچ یادگاریەکی سەرشکان یاخود شەڕە گەرەکت هەیە بۆمانی بگێریتەوە؟**

- نا هیچ یادگاریەکی وامنییە، بەڵام بەبیرمدێت دەیانگوت: ئەمرۆ شەڕە لەگەڵ منداڵەکانی قەڵاتێ، دەبووە شەرە بەرد بەبەردەقانی، کورێك هەبوو ناوی پوزە یا مزۆیان پێدەگوت، هەمیشە ئەو سەرکردایەتی شەرەکانی تەیراوەو قەڵاتیدەکرد، ئەوەشم بیرکەوتەوە لەسەر گوێدرێش شەریان دەکرد، بەڵام ئێمە دووربووین لەشەرو پێکدادانەکان.

***ئەگەر هونەرمەند نەبوایت، حەزت بە چ پیشەیەك بوو؟**

- حەزمبوو لەپەرتوکخانە کارمکردبایە.

*** رەوشی هونەری کورد لە ئەوروپا چۆن دەبینی؟**

- بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ هونەرمەندانی ناوەوە، بەڵام ئەمە راستە کە پێویستە بە جورئەت باسی لێوەبکرێت ئێمە لەدەرەوە کاری زۆر چاکمان ئەنجامداوە، توانیومانە گۆرانێکی باش لەو بوارەدا بکەین، بەرهەمەکان‌و گوێگرەکانمان شاهێدی ئەوەمان بۆ دەدەن.

***کوتلەکاری بوونی هەیە لە نێو هونەرمەندانی ئەوروپا.**

- بەڵێ، هەندێك هونەرمەند هەنە بۆ ئەوە هەوڵدەدەن، کە کوتلە دروستبکەن تا رادەیەك دروستیشبووە، بەڵام پێموایە تەمەنیان کورتە، چونکە هونەرکردن رێگایەکی سەختەو هەوڵی زۆر دەوێت، بەردەوامبوون لەو رێگایەدا قوربانی زۆری دەوێت.

***چۆن لە کلیپێکدا نەریتە کوردیەکان دەپارێزیت؟**

- من لەم پرسیارەدا لەگەڵ بەرێزتان نیم، چونکە دونیایی دروستکردنی کلیپ، یان باشترە بڵێین پیشەسازی کلیپ، دنیایێکی زۆر فراوان‌و گەورەیە، تۆ دەتوانی بڵێیت لەبەرهەمە کولتووریەکان، چۆن رەسەنایەتی دەپارێزی، خۆ ئێمە هەر پێمان ناکرێ لە ژێر دارێك‌و لای شاخێك بوەستین تا هەتا هەتایێ بەم شێوە تەقلیدیە هونەری کلیپ بکەین، نازانم ئێوە سەیری کەناڵەکانی دونیا دەکەن، ئاخر ئێستا کلیپ مانایەکی تر دەبەخشێ لەوەی کە ئێمەی کوردی پێچەواشە کراوە، با پێت بڵێم ئێمەی کورد هەنگاوەکانمان زۆر سستەو لەسەرخۆیە لەم بوارەدا هەر جێگای گفتوگۆ نییە.

***بە نیازنیت گۆرانی ئاینی تۆمار بکەیت؟**

- نەخێر بیرم لەمە نەکردۆتەوە.

***گۆرانی (ئەو عەشقەی تۆ) بۆ کێت وتوە؟**

- گۆرانی (ئەو عیشقەی تۆ) بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەگەڵ چیرۆك‌و بەسەرهاتی ئەو گۆرانییە دەژین.

***وەك پرسیارێکی تەقلیدی دوا وتەت چیە؟**

- من دەمەوێ بەهەواداران‌و گوێگرانی قادر ئەسعەد بڵێم، کە من دەبوایە بەم نزیکانە بەرهەمەکەم بڵاوبکردایەوە، بەڵام بەداخەوە، هیچ گوناهێکی منی تێدانییە، من هەموو گۆرانیەکانم ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە، دەمێکی زۆرە بەرهەمەکەم تەواوکردووە، دەمەوێت ئەمەشتان پێرابگەیێنم کە لەگەڵ کۆرەك میوزیك رێکەوتبوین کە ئەوان بەرهەمەکەم بۆ بڵاوبکەنەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوان کەسی شیاویان بۆ کارە هونەرەکانیان دانەناوە، هەر هەڵەی ئەو کەسە بوو کە ئەم کۆمپانیایەی دایناوە بۆ کارە هونەرەکانیان، بۆیە من دەڵێم کۆرەك کە ناوێکی بەرزو بەرێزە، هەقوانییە، خەڵکانێکی بێئاست‌و نەشارەزا لەم بوارەدا دابنێ، بۆ ئاگاداریتان من کە باسی کۆرەك دەکەم تەنیا مەبەستم بەشی هونەرەکەیەتی، نەك بەشی تەلەفۆن‌و پەیوەندیەکان، کە من لەگەڵ ئەو بەرێزانە هیچ گرفتێکم نییە، تەنیا داواکارم کە خەڵکێکی شیاو بۆ کارە هونەریەکان دابنێین، وەکو چۆن بۆ کارەکانیتر خەڵکی شیاوو پسپۆریان هەیە، دەنا پێویست ناکات خۆیان لەم جۆرەکارانە بدەن کە کاری ئەوان نیە، من هیچم نییە لە خۆشەویستی زیاتر بۆ ئێوەو چاوەڕوانی بەرهەمەکەم بن.

## جارێکیان گیتارێکم هێنایەوە ماڵەوە، باوکم پێیگوتم: خۆت یان گیتارەکەت دەچنە دەرەوە



## کەسێك کە خۆشەویستی نەزانێ، بێگومان بە نەخۆشی ژیاندەکات